Kurdistannet.or

# تەکنۆلۆجیای سینەما گۆڕ بۆ بابەت هەڵدەکەنێت

نووسینی: موئەیەد مەحمود
mailto:muaidmahmood@hotmail.com

ڕەنگە خوێندنەوەی جیاوازو پێناسەی جیاواز هەبێت بۆ سینەما ، بەلاَم هەرچۆنێك بن ئەو پێناسانە ناتوانن مێژووی سینەمای جیهانی بگۆڕن ، یان ئەو مەبەستە بگۆڕن کە بوو بە بناغەیەك بۆ سینەما. ئەگەر بەرژەوەندی تاکە کەسی نەبێت بڕوا ناکەم دوو کەس لەسەر ئەوە بکەونە جیاوازییەوە کە سینەما وەك هونەرێکی پێشڕەو ئەرکێکی ئینسانییانەی لە ئەستۆدایە ، بەو مانایەی کە سینەما مامۆستایەکە بۆ فێر بوون، وەسیلەیەکە بۆ گۆڕان، مەیدانێکە بۆ ساغکردنەوەی فیکرو بۆچوونە جیاوازەکان،نیشاندانی ڕووە ڕاستەقینەکەی ژیان ،پەنجە خستنە سەر ڕەگ و ڕیشەی گرفتەکانی ئینسان ، ئاشکرا کردن و ڕیسوا کردنی دیاردە نەگەتیفەکان و برەودان بە دیاردە پۆزەتیفەکان ...هتد. پێم وایە سینەما لە سەرەتای درووست بوونیدا ئاوها خۆی پێناسە کردو پانتاییەکی بەرچاوی لە مەیدانی هونەردا بۆ خۆی داگیر کرد.کەس فلیمەکانی شاپلنی بیر ناچێتەوە کە بە شێوازێکی گاڵتەجاڕانە ئینسان وا لێدەکەن بەو دیاردانە پێبکەنێت کە گریانیش لە هەقیان نایەت،هەروەها ئەو ئەکتەرو دەرهێنەرانەش کە لە فلیمێکدا وا لە بینەر دەکەن کە لەگەڵ خۆیاندا بکەونە گفتوگۆیەکی قووڵ بۆ وەلاَمدانەوە بەو پرسیارو سەرنجانەی کە لە فلیمەکانیاندا دەکەونەوە ، بەلاَم دیارە پێشکەوتنی تەکنۆلۆجیاو بە کالا کردنی فلیمە سینەماییەکان خەریکن وردە وردە ئەم مەبەستە پیرۆزەی سینەما کاڵ دەکەنەوە.لە ئاهەنگی دابەشکردنی خەلاَتەکانی ئۆسکاری ئەمساڵدا هیچی وای نەمابوو بڕژێمەوە بەسەر ئەو کاغەزەی کە ناوی پالێوراوەکانی تیابوو ،بێ هۆ نەبوو پێش ئەوەی کەناڵە تەلەفزیۆنییەکە بمان گوێزێتەوە بۆ هۆلیود بۆ ئەو هۆڵەی کە ئاهەنگەکەی تیا بەرێوە دەچوو ،بەرنامەیەك پێشکەش کرا بە مەبەستی کۆمەك کردن بەو منالاَنەی کە لە جیهانی سێیەمدا لە سەرەتایی ترین ماف بێبەشن وەك خوێندن و چارەسەر کردن لە نەخۆشییە کوشندەکان و ..هتد.پێشکەش کەری ئەم بەرنامەیە لەپاش نیشاندانی چەند دیمەنێکی سۆز بزوێن پێی ووتین کە دە دۆلار بەسە بۆ ڕزگارکردنی ئەو منالاَنە لەو نەخۆشییە کوشندانەو فەراهەم کردنی پێداویستییەکانی خوێندن.کاتێك لە پاش ئەو بەرنامەیەدا کامیرایان گواستەوە بۆ شوێنی ئاهەنگەکە، چاوپێکەوتن لەگەڵ چەند ئەکتەرو هونەرمەندێکی سینەمایی ساز کرا ،بەلاَم سازدەری ئەو بەرنامەیە لە بری پرسیار کردن لە مەر فلیمەکان و پەیامەکانیان و گرنگی و خاڵە پرشنگدارو لاوازەکانیان ،پرسیاری جل و بەرگ و مۆدێلی قژ برین و زێرو زیوەکانی دەکردن ، یەکێك لە کچە هونەرمەندەکان بایی بیست و حەوت ملیۆن دۆلار مجەوهەراتی لە گەردن بوو ،تەنها پێلاَوەکەی بایی یەك ملیۆن دۆلار بوو ، ناڵێم هەموو مجەوهەراتەکەی، بەلاَم تەنها پێلاَوەکانی بەسە بۆ ڕزگارکردنی سەد هەزار منالّ ئەگەر بێتوو هەر منالێك پێویستی بە دە دۆلار بێت وەك ئەو بەرنامەیە بۆی چوو کە باسمان کرد.

Kurdistannet.or

ئەوەی کە دەمەوێ لەم نووسینە کورتەدا باسی بکەم بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیایە لە فلیمە سینەماییەکاندا بەتایبەتی لە هۆلیوددا چونکە ئێستا ئەم دیاردەیە لە فلیمەکانی هۆلیووددا زۆر زەقتر ئەبینرێ.ڕەنگە ئەمە هەنگاوێکی هەدەف مەندانە بێت لە لایەن سەرمایەدارانی هۆلیودەوە بۆ کەم ڕەنگکردنەوەی مەبەست و ئامانجەکانی سینەما ، چونکە ئەوەی لە فلیمێکی ریوائی دا دەوترێ لە فلیمێکدا جێی نابێتەوە کە تەکنۆلۆجیای تا بەرزترین ئاست تیا بەکار هێنرابێ. ئەو جۆرە فلیمە ڕەنگە لەزەتێکی کاتی بە بینەر ببەخشن ،بەلاّم ناتوانن کاردانەوەی لا جێ بهێلّن. مەودای کارتێکردنی ئەو فلیمانە لە هۆلّی سینەماکان تێپەڕ ناکەن ، لەم فلیمانەدا ئەوندەی کۆمپیوتەر نەخش لەسەر فلیمەکە دادەنێت ئەوەندە کارکەرانی فلیمەکە دەوری تیا نابینن . سەدان کەس کار لە فلیمێکدا دەکەن ، بەلاّم هەدەفی هەموویان تواندنەوەی تەکنۆلۆجیایە لە دوو توێی فلیمەکەدا نەك دەولّەمەند کردنی ناوەڕۆکی فلیمەکە. بەکارهێنانی تەکنۆلۆجیا بەم ڕادە بەرزە لەسەر حیسابی ناوەڕۆکی فلیمەکەیەو بۆ داپۆشینی بی ٚناوەڕۆکییەکەیەتی . دەکرێ بێ شومار نموونە بهێنینەوە ، بەلاّم با دەست بگرین بە چەند فلیمێکەوە کە لەم دواییانەدا بەرهەم هێنراون و بە قازانجی ئەم نووسینە قسەیان لێ بکەین .

وەك پێشتر باسم کرد ئەو فلیمانە هیچ تەئسیرێك لای بینەر جێناهێلّن ، پانزە سالّ زیاترە فلیمی﴿ کرایمەر دژی کرایمەر﴾ م بینیووە کە داستن هۆفمان و میریل ستریپ ڕۆلّی سەرەکی تیا دەبینن ، بەلاّم تا ئێستاش کە باس دێتە سەر سینەما خەیالّ دەمگوێزێتەوە سەر ئەو فلیمە کە لە سەدا یەکی ئەو فلیمانەی تێنەچووە کە دواتر قسەیان لەسەر دەکەین . تا ئێستاش من شەریکی ئەو گرفتە ئینسانییەم کە داستن هۆفمان لەو فلیمەدا دووچاری دەبێتەوە ، بگرە میریل ستریپیش هەرچەند وەك دایکێکی نا مەسئول بڕیارێکی خۆویستانە دەدات لە ئاست منالّەکەیدا ، بەلاّم دواتر لە پێناو گێڕانەوەی منالّەکەی بۆ باوەشی خۆی دەجەنگێ ، لەگەلّ ئەوەی مەسەلەکە لە دادگا لە داستن هۆفمانی باوکی مولتەزیم و قوربانیدەر دەباتەوە ، لەگەلّ ئەوەشدا پەشیمان دەبێتەوە لە بردنی منالّەکە بۆ لای خۆی . لەپاش تەواوبوونی فلیمەکە چەند پرسیارێك لای بینەر درووست دەبێت کە وەلاّم دانەوەیان سەرو سیما بە شەکلێك لە تێڕوانین لە پەیوەندییە خێزانییەکان دەدەن . کامیان شایەنی ئەوەن منالّەکە بەخێو کەن ؟ گوناحی منالّەکە چی یە شەریکی ئەو گرفتە بێت ؟ ئایا بڕیاری جیابوونەوە بڕیارێکی درووست بوو کە دایکەکە دای ؟ ئایا دەکرا ئەو دوو هاوسەرە درێژە بەو پەیوەندییە بدەن ؟ ڕەنگە تەنیا وەلاّمی ئەم پرسیارانە چەند باسێکی کۆمەلاّیەتی قولّیان بوێت کە تا ئەمڕۆش ئەو باسانە زەرورەتی خۆیان هەیە . ئەم فلیمەم بۆیە بە نموونە هێنایەوە تا بیکەم بە سەنگی مەحەك لە هەلّسەنگاندنی ناوەڕۆکی ئەو فلیمە بودجە خەیالّییانەی کە دواتر باسیان دەکەم ، هەروەها بۆ ئەوەی ئەوە بلّێم کە بە تێپەڕ بوونی زیاتر لە پانزە سالّ بەسەر بینینی ئەم فلیمەدا چیرۆکەکەیم دەقاودەق لەیادە ، کەچی بە تێپەڕ بوونی تەنیا یەك مانگ بەسەر فلیمی ﴿گەڕانەوەی مۆمیا کراوێك﴾ ڕەنگە نەتوانم زۆر بە کورتیش باسی دەقی فلیمەکە بکەم ، بەلّکو داوای لیبوردن ئەکەم کە ناتوانم تەنیا حەرفێکیشی لەسەر

Kurdistannet.or

بنووسم ، نەك لەبەر ئەوەی نامەوێت بەڵكو لەبەر ئەوەی دوور لە هەموو زیادە ڕەوییەك تەنیا حەرفێكی ئەو فلیمەم لەیاد نەماوە ، بەڵام ئەوەندە دەزانم كە بودجەی فلیمەكە هەموو سۆماڵ لە برسییەتی ڕزگار ئەكات .

فلیمی﴿the lord of the rings﴾ كە پاڵێوراو بوو بۆ سیانزە خەڵاتی ئۆسكارو چواریانی بەدەست هێنا باس لە سەرگوزشتەی ئەلقەیەكی زێڕین دەكات كە دەبێتە مایەی بەرانبەركێیەكی خوێناوی لە نێوان دوو تەرەفی خێرخوازو شەڕخواز ، بەڵام دوور لە كێشمەكێشێكی جەدەلییانە لە بەینی ئەو دوو تەرەفەدا . دیارە یەكێك لە بناماكانی فلیمی سینەمایی سیناریۆیە ﴿چیرۆكی فلیمەكە﴾ هەموو سیناریۆیەكیش ئەبێت پەیامێكی ڕۆشن و ئاشكرای تیابێت كە لە دوای بینینی فلیمەكەدا لە بیركردنەوەی بینەردا نەخش دابنێ و جێی خۆی بكاتەوە بەدەر لەوەی ئەم پەیامە تاچەند لەگەڵ تێڕوانین و بۆچوونی بینەردا دێتەوە . ئەو پۆلە كەسەی كە ئیش لە فلیمێكدا دەكەن ئەبێ بە خزمەتی گەیاندنی ئەو پەیامە بێت بە بینەر . لەو فلیمەی كە لە سەرەوە باسمان كرد ئەوەندەی وێنە گرتن و دەرهێنان و فێڵی سینەمایی سەرنجی بینەر ڕادەكێشن ئەوەندە چیرۆكی فلیمەكە نایان جووڵێنێت ، ئەگەرچی ئەوانەش گرنگی خۆیان هەیە بۆ سەركوتنی هەر فلیمێك ، بەڵام لە یەكەیەكی مونسەجیمدا لەگەڵ كاركردەكانی تردا . بینەر هەركە لە هۆڵی سینەماكە دێتە دەر جگە لەو كاركردانەی باسمان كردن دەرگایەك نادۆزێتەوە بۆ چوونە ناو گفتوگۆیەكی جەدەلییانە لەسەر بابەتی فلیمەكە . ئەگەر بابەتەكە پەیكەری كەسێك بێت ئەوە ئەو پەیكەرە بە عەبای تەكنیكێكی بەرزی لە ڕادە بەدەر داپۆشراوەو تەواوی ئەندامەكانی لەشی لە بینەر شاردراوەتەوە مەگەر موجەسەمەی پەیكەرەكە كە ئەویش لە تەسەورێكی سادە بەولاوە هیچی تر بە دەستەوە نادات .

من پێشتر باسم كرد كە تەكنیكی بەرز لەسەر حیسابی ناوەڕۆكی فلیمەكەیەو بۆ كڕینی حەزی بینەرە بۆ قبوڵ كردنی بەرهەمەكە هەروەها فیكرو تێڕوانینی فەریقی فلیمەكە عەكس دەكاتەوە كە ئەمەش دەمان باتەوە بۆ ئیلتیزام لە هونەردا ، بەڵام مە ترسی ئەوەم هەیە ئەو ناوبراوانە خۆیان بە مولتەزیم لە قەڵەم بدەن و هونەرەكانیشیان لە دوو توێی هونەری مولتەزیمدا جێ بكەنەوە ، نەك هەر ئەوان بگرە ئەو دەزگایەش كە ڕواج بە بەرهەمەكالنیان ئەدات، ئەگەرنا پالأوتنی فلیمی ﴿the lord of the rings﴾ بۆ سیانزە خەڵاتی ئۆسكار بە قازانجی چییە ؟ ئایا بە قازانجی هونەری مولتەزیمە یان عەكسی ئەمە ؟ ئایا كەمڕەنگ كردنەوەی سەدان فلیمی جددی كە لە ساڵێكدا لە هەموو دونیا دێتە بەرهەم و نەبوونی ئەو فلیمانە لە لیستی فلیمە پاڵێوراوەكان بۆ خەڵاتی ئۆسكار چی دەگەیەنێ ، جگە لە برەو دان بەو بەرهەمانەی كە هەر بەقەد كۆكاكۆلأیەك خزمەت بە بینەر دەكەن .من نامەوێ بچمە سەر بەراوردێكی هونەرییانە لە نێوان ئەو دوو جۆرە بەرهەمەدا ، چونكە ئەوسا تای تەرازووەكە بە حەتمەن بە قازانجی نموونەی یەكەم دەشكێتەوە ، بەڵام دەمەوێ بڵێم ئەبێ پێوانەیەك هەبێت كە بتوانێت هەقیانەتی بەرز ڕاگرتنی نموونەی دووەم برەو پێ بدات ، ئەمە ئەگەر بێتو ئەو دەزگایەی كە هۆلیود كۆنترۆڵی ئەكات دەزگایەكی چەواشە كار

Kurdistannet.or

نەبێت و هەدەفمەندانە بە خزمەتی نموونەی یەکەم لە بەرهەمەکان نەجوولێتەوە ، ئەگەر وابێ ئەوە ئەرکێکی زۆر قورستر دەکەوێتە سەرشانی هونەرمەندە مولتەزیمەکان بۆ بەرامبەرکێ کردن لەگەڵ ئەو ڕەوتەی یەکەم کە دواتر بە کورتی و بە پوختی بە چەند خاڵێك سەروسیمای ئەو ئەرکانە دەخەمە ڕوو .

فلیمی the time machine ﴿ئامێری کات﴾ کە دیسانەوە ملیۆنەها دۆلاری تێچووە دەکرێت سیناریۆکەی لە یەك ڕستەدا جێبکەینەوە ﴿ ناتوانین ڕابردوو بگۆڕین ، بەڵام دەتوانین داهاتوو بگۆڕین ﴾ . من گرنگی ئەم ڕستەیە ئەزانم و تێ ئەگەم ، بەڵام پڕکردنەوەی بۆشایی نێوان هەردوو بەشی ئەو پرسیارە بە موغامەرەیەکی ماراسۆنی لە نێوان پاڵەوانی فلیمەکەو سوپایەك لە دەعبای سەیری خەیاڵی شایانی وەڵامدانەوەی ئەو ڕستە پڕ مانایە نەبوو ، دەکرا لە سیاقێکی ترو لە سیناریۆیەکی هێمنتراو بە بودجەیەکی زۆر سادەتر هەمان مەبەست بپێکرایەو دەورو تەئسیرێکی زیاتری لە دەورو تەئسیری هەمان سیناریۆ هەبوایە .

مناڵەکانی بەهەشتی مەجیدی مەجیدی دەرهێنەری ئێرانی حیکایەتی خوشك و برایەك ئەگێڕێتەوە کە بە هەردووکیانەوە جووتێك پێڵاویان هەیە ، بەڵام نەك لە چەشنی ئەو جووتە پێڵاوەی کە کچە هونەرمەندەکەی هۆلیود لە پێی بوو . ئەو دوو پەپوولەیە لە جێی چێژ وەرگرتن لە جیهانی مناڵی و بەهرەمەند بوون لە یاری جۆراو جۆرو کایەی ناو کۆڵان و خەون بینین بە دوارۆژێکی وەنەوشەییەوە ، خەمیان ئەوە بوو چۆن بتوانن هەردووکیان بەو جووتە پێڵاوە هات و چۆی قوتابخانە بکەن . دۆزینەوەی جووتێك پێڵاوی تر دوا داواکاری ئەو دوو چۆلەکە ڕوح سووکە بوو کە لە ڕاستیدا ئەوە مەسئولیەتی بینەرە کە بگەڕێت بەدوای ئەو جووتە پێڵاوە ، پەیامی سینەما ئەوەیە بینەر بکات بە بەشێکی نەپچڕاوی ئەو گرفتانەی کە دەیانخاتە ڕوو .کەواتە بینەر یان بەشێك لە بینەران دەبنە شەریکی ئەو دوو مناڵەو بەو شێوازەی کە بە لەباری دەزانن بەشێك لەو مەسئولییەتە هەڵدەگرن . جیاوازی نێوان ئەم فلیمەو فلیمەکانی تر ئەوەیە کە مەجیدی دادەمێنێ لەوەی چۆن بتوانێت ئەوەی لە هەکبەکەیدایە بیگوێزێتەوە بۆ بینەرو ئەوانی تریش نازانن چۆن موفلیسییەکەی خۆیان بە تەکنیك و فێڵی سینەمایی داپۆشن .

من هیچ موشکیلەیەکم لەگەڵ ئەوەدا نییە کە فلانە فلیم داهاتەکەی چەند دەبێ و قازانجەکەی لە چ ئاستێکدا دەبێت ، چونکە بۆ من ئەو ملیۆنەها دۆلارەی دەچێتە گیرفانی مونتیجێکی سینەمایی هیچ فەرق ناکات ئەگەر لە گیرفانی سەرمایەدارێکی سەنعەتی یا ماڵی یان لە گیرفانی بازرگانێك بێت ، ئەمە موشکیلەیەکی عمومی ترەو چارەسەرەکەشی پابەندە بە گۆڕینی ئەم سیستەمەوە ، وە لە هەموو حاڵەتەکانیش دا منی بینەر ئەبێ دە دۆلار بدەم ﴿لە هەندەران﴾بۆ بینینی هەر فلیمێك جا ئەو فلیمە سەد ملیۆن دۆلاری تێچووبێ یان سەد دۆلار ،بەڵام ئەوەی گومان هەڵناگرێت ئەوەیە کە بۆ برەو بردنەوە لەو جۆرە فلیمە پێویستمان بەو فلیمانە هەیە کە ڕووە ڕاستەقینەکەی سینەما نیشان دەدەن ئەویش ئەو پەیامەیە کە ئەبێ سینەما بۆ مرۆڤاییەتی هەبێت . ئەگەر قەرارە مونتیجەکانی هۆلیود بە تۆپەوە بۆت

Kurdistannet.or

وەستابن تۆش لە چەقۆیەك زیاترت پێ نییە دەبا ئەو چەقۆیە تیژ بێت ، بەو مانایەی کە لە هەڵبژاردنی دەقەکاندا وورد ترو لە پێناسەی نواندن باشتر تێبگەین و کامیرا باشتر بێنینە زمان و مۆسیقا کاریگەرتر بێنینە گۆ و...تاد . ئەبێ ئەو لایەنانەی سەرەوە دەستیان پێوە بگیرێ و وەك چەکێکی کاریگەر مامەڵەی لەگەڵدا بکرێت ، چوونکە ئەمانە بە تەجرەبەو تێگەیشتنی ئینسان دێنە دەست نەك بە بودجەی زۆرو تەکنۆلۆجیا .

هەرچی دەگەڕێتەوە سەر نواندن پابەندە بە تێگەیشتن لە سلوك و تە بیعەتی ئینسان ، لێرەدا تێگەیشتن لە عیلمی نەفس و فەلسەفەی وجودی ئینسان زەرورە بۆ تەسویر کردنی هەر دیمەنێك . ڕستەیەك دەکرێت بە دەیەها شێوە بوترێ ، نەرم ، نەرمتر ، توند ، توندتر ، بەلاَم ئەوەی کە چوار چێوەی ئەو ڕستەیە دیاری دەکات پێکهاتی کەسایەتییەکەو سلوك و تەبیعەتی ئەوو کاردانەوەکانی سەبارەت بە بەرانبەرەکەی و ....تاد . هەروەها جووڵانەوەو ڕوخساری ئەکتەرەکەش ئەبێ مونسەجیم بێت لەگەڵ چۆنیەتی دەربڕینی ئەو ڕستەیە .

مامەڵە کردن لەگەڵ کامیرادا وێنەگرێکی چەکداری ئەوێت بە فەرهەنگی سینەمایی هەرەها دەرهێنەرێکی پشت بەستوی دەوێت بە تێگەیشتن لە گرنگیی کامیرا ، دەکرێ دیمەنێکی بێ دایەلۆگ جێگەی کتێبێك لە دایەلۆگ بگرێتەوە ، سەماکەی زۆربا نموونەیەکی باشە بۆ ئەم بۆ چوونە . هەروەها داهێنان و هەڵبزاردنی مۆسیقاو کۆکردنەوەی لە جەستەیەکی یەکگرتودا لەگەڵ نواندن و دەقی دیمەنێك پێویستی بە سەرمایەی ماڵی نییە ، بەڵکو بە سەرمایەی تێگەیشتن لە زانستی مۆسیقاو تەوزیف کردنی لە دەقێکی سینەمایی دا . دەکرێ لە دیمەنێکدا مۆسیقا زیاتر سۆزمان بۆ کارەکتەرێك بجووڵێنێ لە دایەلۆگ و جووڵانەوەکانی هەمان کارەکتەر .

ئەمانە بەشێکن لەو ئەرکانەی کە بە جێ بە جێ کردنیان دەکرێ کارامەتر بەرامبەرکێ لەگەڵ ڕەوتە نەگەتیفەکەی هۆلیود بکرێ .

ڕەنگە کەسێك بڵێت ئەو دەرهێنەرانەش کە بە بودجەیەکی کەمەوە لە مەیدانەکە دەجەنگن هەمان جێگەو ڕێگەی دەرهێنەرەکانی نموونەی یەکەمیان دەبوو ئەگەر بهاتبایە هەمان سەرمایەیان لە خزمەت بوایە ، لێرەدا زەرورە ئەوە بڵێم کە موشکیلەکە لەوەدا نییە فلیمێك چەنی تێ دەچێ ، بەڵکو ئەوەی کە چی دەڵێت و چ نامەو پەیامێکی بۆ بینەر هەیە ، ئەوەی کە ئەو بودجەیە بۆ بێ هۆش کردنی بینەرە یان وشیار کردنەوەی . من بڕوام بەوە هەیە کە هونەرمەدێکی سینەمایی بتوانێ پەیامە ئینسانییەکەی خۆی بگەیەنێ بە بینەر بە چاوپۆشین لەوەی کە حیسابە بانکییەکەی چەند ملیۆن دۆلاری تیایە . بە ڕای من گرێدانی ئیلتیزام بە ئاستی دەوڵەمەندی هونەرمەند پێوانەیەکی سیاسیەو خوێندنەوەیەکی نا واقعیانەیە بۆ جێگەو ڕێگەی ئەو لە کێشمەکێشە چینایەتییەکان ، چونکە دەورو تەئسیری هونەرمەند لەو کێشمەکێشانە نیسبییەو قابیل بە گۆڕانە لە کەسێکەوە بۆ کەسێکی تر . ئەگەر قسە لەسەر سینەمایە ئەوە یەکێك لە سیفەتەکانی

Kurdistannet.or

ڕەخنە گرتنە لە واقیعی مەوجود لە هەموو بوارەکاندا ، بگرە لە شەرە چینایەتییەکانیش کە زۆر جار هونەرمەند بێ ئاگاهانە و ئاگایانە بە پێچەوانەی جێگەو ڕێگە چینایەتییەکەی خۆی ڕەخنەی لێ دەگرێت .
کەواتە دەکرێت مامەڵەیەکی تایبەت لە تەسنیفی چینایەتی توێژەکانی کۆمەڵ بۆ هونەرمەند بکەین . زۆرن ئەو هونەرمەندانەی کە لە هەڵبژاردنی بابەتەکاندا ووردتر مەودا ئینسانییەکانی لەبەرچاو دەگرن . بۆ ئەوەی ئەم بۆچوونانە نیشانەی پرسیار لای کەس درووست نەکات ئەڵێم زۆرجار جیاوازییەك یان دژوارییەك دەبینرێت لەنێوان بابەتی هەڵبژێردراوی یەك هونەرمەند ، بەومانایەی لە جێیەك بە قازانجی چینێك یان توێژێك بەشداری لە بەرهەمێك دەکات ، بەلاَم لە جێیەکی تر پێچەوانەی ئەمە دەنوێنێ . لێرەدا گرنگە کە حیساباتی نیسبی داهات و قازانج لە فەرهەنگ و تێڕوانینی هەندێك هونەرمەندا جێ بکەینەوە . پێم وایە ئەمە زیاتر مەبەستەکەمان ڕوون ئەکاتەوە و لەگەڵیدا ناکەوێتەوە جیاوازییەوە .
بەگەڕانەوە بۆ نموونەی یەکەمی ئەو فلیمانەی کە باسمان کردن دەڵێم دەکرێ لەسەر هەر یەکێك لەو فلیمانە دەیان سەعات بدوێین و گفتوگۆ بکەین ، بەلاَم ئەو گفتوگۆو جەدەلانە لە لایەنی تەکنیکی فلیمەکان بەولاوە ناتوانێت بە حەرفێکیش بەشداری لەو کێشمەکێشە کۆمەلاَیەتییانە بکات کە چین و توێژەکانی کۆمەڵ ڕووبەڕووی یەك دەکاتەوە .
کیا ڕۆستەمی بابەتێکی سادەی لەهەمان کاتدا قوڵ و پڕ مانای هەڵبژاردووە بۆ چوونە ناو ئەو کێشمەکێشانەوە، ئەو نەهاتووە بە زەقی قسە لەسەر ئەو بۆ چوونانە بکات کە بە قازانجی لایەك تەواو ئەبێت ، بەڵکو لە ڕێی جووتێك پێلاَوەوە کە هێمای بێ بەشی منالاَنی جیهانی سێیەمە لە مافە سەرەتاییەکانی خۆیان ، دەرگایەکی ئاوەلاَ کردووە بۆ چوونە ناو بەحسێکی قوڵ و گفتوگۆیەکی قوڵتر. هەرکەسێك بیەوێ لە گرفتی ئەو دوو منالە بکۆڵێتەوە ناتوانێت بەدەر لە فیکرو تێڕوانینی خۆی نەتیجە گیری بکات ، بەڵکو ئەوە گەڕانەوەیە بۆ ئەسلی مەسەلەکە کە دەتوانێت ڕێگەو جێگەی ئەو منالاَنە دەستنیشان بکات وگرفتەکە بە حەل بگەیەنێت .
کەواتە ئەو دوو ڕەوتە لە فلیمە سینەماییەکان لە شەرێکی دەستەو یەخەدان بۆ سەر لە نوێ پێناسە کردنەوەی سینەماو گواستنەوەی لە کەنارەوە بۆ ناوجەرگەی ئەو شەڕو کێشمەکێشانە . ئەوەی بیەوێ لە سەنگەری دووەمدا قەرار بگرێ ، ئەبێ لە خاڵە لاوازەکانی ڕەوتی یەکەمەوە دەست پێ بکات و لە بەرچاوی بگرێت ،کە بە ڕای من ئەوویش هەڵبژاردنی بابەتە کە خۆی لە خۆیدا کاکڵەو ناوکی فلیمی سینەماییە ، لایەنەکانی تریش ئەبێ لە خزمەتی ئەوە بن . خۆشحالاَنە بەشێکی بەرچاو لەوانەی کە کاری سینەمایی دەکەن درکیان بەم زەرورەتە کردووەو هێڵێکیان بۆ کەسانی تریش کێشاوە کە ببێ بە دەلیلی ئەو ڕێیە سەخت و سۆڵەی هونەری سینەمایی .

ڤانکۆڤەر

٦-٤-٢٠٠٢

Kurdistannet.or

Kurdistannet.or

| | |
|---|---|
| Filename: | tazatreen |
| Directory: | C:\My Documents |
| Template: | C:\WINDOWS\Application Data\Microsoft\Templates\Normal.dot |
| Title: | تةكنؤجياى سينةما طؤرِ بؤ بابةت ليَدةدات |
| Subject: | |
| Author: | Muaid |
| Keywords: | |
| Comments: | |
| Creation Date: | 4/6/2002 1:11 AM |
| Change Number: | 2 |
| Last Saved On: | 4/6/2002 1:11 AM |
| Last Saved By: | Muaid |
| Total Editing Time: | 1 Minute |
| Last Printed On: | 4/6/2002 1:24 AM |

As of Last Complete Printing

| | |
|---|---|
| Number of Pages: | 7 |
| Number of Words: | 2,309 (approx.) |
| Number of Characters: | 13,163 (approx.) |